# قوقەخان

کـــەڵەشێرێك فێربیبوولە کات وە ناکاتدا دەیخوێند تا ڕۆژێکیان قوقەخانی دەنگی لێ زویر بوو، لە ناو قوڕگی دەرپەڕی و ڕۆیشت. مام کەڵەشێر ویستی بڵێ بۆکوێ ئەڕۆی، بەڵام کە زانی دەنگی نیە وا بڵێ، هیچی نەوت. قوقەخان ڕۆیشت تا شوێنێکی گەرم و نەرم بۆ خۆی بدۆزێتەوە. سەرەتا لـــە ناو دۆڵابی پیرەژنێکدا گیرسایەوە، بەڵام پیرەژنەکە ویستی شتێ لـە دۆڵابەکە دەربهێنێ. کە دەرگـــەی دۆڵابەکە کرایەوە، قوقەخان وایزانی دەمی مام کەڵەشێرە بۆ خوێندن کراوەتەوە، دەرپەڕی و هەڵات.





ئەمجـــارە قوقەخـــان چووە نـــاو مەنجەڵی پیرەمێردێـــکی پینەچییەوە، بەڵام هێشتا ماندوێتی نەحـــەسابۆوە کـــە پیرەمێردەکـــە هاتەوەو مـــەنجەڵەکەی خـــستە سەر ئاگـــر. قوقەخان زانی کە لەگەڵ هاڵاوی چێشتەکەدا دەبێتە هەڵم. لە مەنجەڵەکە دەرپەڕی و ڕۆیشت تا گەیشتە باخێك. کە لە دەرگەی باخەکەیدا. سەگی باخەکە وتی: **حەوحەو**. واتە کێیە؟ قوقەخان وتی: **قوقو قوقو**. واتە منم من. سەگەکە وایزانی کەڵەشێرەکەی دراوسێیانە، بۆیە هەر کە دەرگەکەی کردەوە، دەمیشی کردەوە تا بڵێ فەرموو.

قوقەخان کە دەمی کراوەی سەگەکەی بینی، ویستی بکشێتە دواوە، بەڵام شڵەژا چووە پێشەوەو کەوتە ناو قوڕگی سەگەکەوە. سەگەکە ویستی حەپەحەپە بکات و بڵێ فریام کەون، کەچی قوقاندی. خاوەن باخەکەش کە هەم گوێی لە حەپەحەپ و هەم لە قوقەقوق بوو، بانگی سەگەکەی کردو وتی: **ها خڕتۆڵ! ئەو قووقە قووقە چییە؟** سەگەکە وتی: **قوقو قوقو.** باخەوانەکە وایزانی سەگەکەی گاڵتەی لەگەڵ دەکات، بۆیە ئەویش بە گاڵتەوە دارێکی لێهەڵگرت و ڕاوینا.

